## بەبی لێکۆلینەوە پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ فەسڵ دەکرێت و بەتەلەفون هەرەشەی توندی لێدەکرێت



پەیمانگای تەکنیکی کەلار بڕیاری فەسڵ کردنی پەیامنێرێکی خوێندنی لیبراڵ دەردەکات کەخوێندکارە لەو پەیمانگایە، بەتەلەفونیش هەرەشەی توند لەپەیامنێرەکە دەکرێت.

بەبی ئاگادارکردنەوەی خوێندنی لیبراڵ و پەیامنێرەکەی، ئەو لیژنەیەی کەبۆ لێکۆلینەوە لەسەر (رابەر کەریم سەعید) پەیامنێری خوێندنی لیبراڵ پێکدەهێنرێت وەبەئیمزای بەرێوبەری پەیمانگا بۆماوەی (25) ڕۆژ فەسڵ دەکرێت.

بڕیارەکە لەبەرواری 2007/2/10 دەرچووە بەنوسراوی ژمارە 235، لەبڕبارەکەدا هاتووە"ئامارە بەپێشنیاری لیژنەی پێکهێنراو بەفەرمانی کارگێڕیمان ژمارە 117 لە 2007/1/21 بڕیارماندا بەفەسڵ کردنی خوێندکار رابەر کەریم سەعید قۆناغی دووەمی بەشی شیکاری نەخۆشییەکان بۆماوەی (25) ڕۆژ لە 2007/2/10 ".

## بەپێی بڕیارەکە هیچ هۆکارێک دەست نیشان نەکراوە بۆ فەسڵکردنی خوێندکارەکە.

رابەر کەریم هەر لەقۆناغی یەکی خوێندنیەوە لەپەیمانگا وەك پەیامنێری خوێندنی لیبراڵ کاری کردووە، لەدروست بوونی مانگرتنی مامۆستایانی کەلار لەمانگی 2006/12دا چەندین چاوپێکەتن و ڕێپۆرتاژو هەواڵی لەسەر بارودۆخی پەیمانگاکە ئامادەکردووە، ئەنجامی ئەم کارانەش بارگرژی دروست دەبێت، دواتر ئاگادار دەکرێتەوە کەلەناوپەیمانگادا نابێت کاری ڕۆژنامەوانی بکات.

لەپەیوەندییەکی تەلەفونیدا بەسەرۆکی لیژنەی لێکۆلینەوەکە مامۆستا خەدیجە ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێك بۆ خوێندنی لیبراڵ بدات.

لەدوای دروست بوونی ئەم کێشانەوە بەتەلەفون جگەلەوەی چەندین قسەی ناشرین بە رابەر دەوترێت هەرەشەی لێدەکرێت بۆ ئەو کارانەی ئەنجامی دەدات.

دەربارەی کێشەکە سەرنوسەری خوێندنی لیبراڵ رایگەیاند"هەموو ئەو شتانەی بڵاومان کردۆتەوە راستییەو بەکاسێتی دەنگی و نوسراوو بەڵگەنامە لامانەو ڕێگەی یاسایی دەگرینەبەر".

زانیاریتان دەتوانن پەیوەندی بگرن بەم ژمارە مۆبایلانەوە:
ئاسیا : 07701471225
سانا : 07301180998

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بسم الله الرحمن الرحيم

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی دەستەی خوێندنی تەکنیکی کوردستان
پەیمانگای تەکنیکی کەلار
یەکەی: کارگێری

*Presidency of ministers*
*Ministry of Higher Education and Scientific Research*
*Foundation of Technical Education - Kurdistan*
*Kalar Technical Institute*

ژمارە: ٢٥
بەروار: ١٠/ ٢ / ٢٠٠٧

فەرمان

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە :-
وە ئاماژە بە پێشنیاری لیژنەی پێکهێنراوە بە فەرمانی کارگێریمان ژمارە ١١٧ لە ٢٠٠٧/١/٢١ بڕیارماندا بەفصل کردنی خوێندکار : ڕابەر کریم سعید / قۆناغی دووەمی بەشی شیکاری نەخۆشیەکان بۆ ماوەی ( ٢٥ ) ڕۆژ لە ٢٠٠٧/٢/١٠ .

یونس صادق الصالحی
ڕاگر

وێنەیەک بۆ:

سەرۆکایەتی دەستەی خوێندنی تەکنیکی کوردستان / لەگەڵ ڕێزدا
نووسینگەی بەڕێز ڕاگر / لە گەڵ ڕێزدا
نووسینگەی بەڕێزی ی.ڕاگر / لە گەڵ ڕێزدا
بەشی شیکاری نەخۆشیەکان/بۆکاری پێویست
سەرۆک و ئەندامانی لیژنە / بۆکاری پێویست
یەکەی کاروباری خوێندکاران
یەکەی دارایی
دۆسیەی دەرچوو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.